ئایە چی دەربارەی کاتی سحور ئەزانیت

واتا : پێش دەرکەوتنی فەجر وکۆتا بەشی شەو یان پوختر بڵێین کاتی پارشێو

نووسەر :
مامۆستا ئوسامە تەوحیدی شارەزووری

زۆر استغفار و دووعا بکەن

قال الله تعالی ← آل عمران:٢٢

وَالْمُسْتَغْفِرِينَ بِالْأَسْحَارِ

ئەوانەی لە اللّٰه تعالی ئەپاڕێنەوە لێیان
خۆش بێت لەکاتی سەحەردا

ئیمام ی ابن كثیر ئەفەرموێت

بەڵگەی فەزیڵەتی استغفار ی تێدایە لەکاتی سەحەردا وە هەروەها وتراوە یعقوب علیه السلام کاتێ بەکوڕەکانی خۆی فەرموو {سوف أستغفر لكم ربي } [یوسف:98]
لەکاتێکی لەباردا لای پەروەردگارم داوای لێبوردنتان بۆ ئەکەم وتراوە کاتی دووعاکردنەکەی دواخست بۆکاتی هاتنی سەحەر لەهەردوو صەحیحەکە چەسپاوە کەوا پێغەمبەر صلی اللّٰه علیه وسلم فەرموویەتی اللّٰه تعالی هەموو شەوێ دائەبەزێتە ئاسمان ی دوونیا کاتێ سێ یەکی کۆتای شەو دایەت ئەفەرموێ کێ داوای هەیە پێی ببەخشم...

عبداللّٰه ـی کوڕی عمر شەوان نوێژی ئەکـرد وپاشان ئەیفەرموو ئەی نافع ئایا کاتی سەحەر هاتوە ؟
ئەگەر نافع بیگوتایـە بەڵێ ئەوا ابن عمر دەستی ئەکـرد بەپاڕانەوە و استغفار کـردن

ابن أبي حاتم گێڕاویەتیەوە له إبراهيم بن حاطب لەباوکیـەوە ئەفـەرموێت گوێم لێ بوو پیـاوێک لەگۆشـەیەکی مزگەوت ئەیـگوت (رب أمرتني فأطعتك وهذا سحر فاغفر لي)
پەروەردگـارم داوات لێکردم منیش گوێڕایەڵم کـردیت ئەوە ئێستا کاتی سەحەرە پەروەردگارم لێـم خۆش بە .
سەرنجم یا بینیم ئەو پیاوە عبداللّٰه ـی کوڕی مەسعود بـوو هاوەڵی پێغەمبەر صلی اللّٰه علیه وسلم.